# بائەو کۆمپانیایانە دادگایی بکەین کە چەکی کیمیاییان بە سەدام فرۆشتووە



ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لە کارەساتی هەڵەبجەدا ، تەنها سەدام و داروودەستەکەی تاوانبارنین ، بەڵکە ئەوکۆمپانیایانەش تاوانبارن کە کیمیایەکەیان بە سەدام فرۆشتووە. چونکە گەر ئەوان کیمیاییان بەرژێم سەدام نەفرۆشتایە ، ئەم کارەساتە گەورەیە رووی نەدەدا. دیارە ئەوکۆمپانیایانەی کە بازرگانیان لەگەڵ رژێمی بەعسی سەدامیدا کردووە، گەورەترین تاوانبارن . پێش چەند ساڵێک ناوی ئەوکۆمپانیایانە دەرکەوت ،کە چەکیان بەرژێمی سەدام فرۆشتووە. دیارە بەشی زۆریان ( ئەڵمانی و فەرەنسی و ئەمەریکین) بەتایبەت ئەڵمانیا بەشی شێری لەم تاوانەدا بەردەکەوێت . ساڵی 1997 دادگای ئەڵمانیا کۆمپانیایەکی ئەڵمانی دادگایی کرد ، کە کیمیایی بەسەدام فرۆشتبوو. تۆمەتەکەشی ئەوەبوو، کە باجی بەحکومەت نەداوە!!! . وەلێ میدیاکانی کوردستان بەتایبەت یەکێتی و پارتی ، ئیدیعای ئەوەیان کرد ، کەگوایە لەسەر تاوانی هەڵەبجە ، ئەم کۆمپانیاییە دادگایی کراوە . بەڵام راستیەکەی ئەوەبوو، کە لەسەر باج نەدان دادگایی کرا. حکومەتی ئەڵمانی هیچ کاتێک گوێی بۆ خواست و داواکاریەکانی کورد نەگرتووە. هیچ کاتێک گوێیان بە بچووکترین مۆراڵی مرۆڤی نەداوە. ئەوان هەمووکاتێک بێ شەرمانە ، بازرگانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە فاشیستەکانی توورک وعێراق و ئێران و سووریا کردووە. بە بڕوای من دەوڵەتی ئەڵمانی هەمووکاتێک وەکوو سەمادی کیمیایی وابووە ، بۆ فاشیزمی عەرەبی وتوورکی و فارسی . ئەڵمانیا گەورەترین شەریکی بازرگانی توورکیاو ئێرانە . هەمووکاتێکیش ئەو دەوڵەتانەیان بە چەکی کۆکوژی و مرۆڤکوژی ، پڕچەک کردووە. هەموو ئەم چەکانەش لە خاکی کوردستان و جەستەی ئینسانی کوردا ساخ کراونەتەوە. پێش ساڵێک رێکخراوی چاک یەکێک لەبازرگانە خوێنمژەکانی دادگایی کرد . دیارە دەبێت لێرەدا زۆرسووپاسی ماندووبون و هیلاکی ئەوبەرێزانە بکەیەن ، کەبەراستی کارێکی گرنگیان ئەنجام دا. وەلێ بە براوی من ،راستە ئەم بازرگانە تاوانبارە ، وەلێ تاوانباری سەرەکی، ئەوکۆمپانیایانەن کەچەکە کیمیایەکەیان دروستکردووە و بەرژێمی سەدامیان فرۆشتووە. هەربۆیە پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوکۆمپانیایانە دادگایی بکەین . من هیوادارم لە رێکخراوی چاک و هەموو گرووپ و لایەنە سیاسی و مرۆڤی و کلووتوریە کوردیەکان ، کەهەوڵی جدی خۆیان بدەن ، بۆئەوەی ئەو کۆمپانیایانە دادگایی بکرێن . دیارە گەر ئەو کارە بکەین ، زەنگێکی ئاگادارکردنەوە ، بۆ هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیایانە لێدەدەین ، کەئەمرۆ چەک بە رژێمی فاشیستی توورکیدا دەفرۆشن . هیوادارم بتوانین بەم کارەمان ، بچووکترین هەقی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینەوە.